# خۆپێشاندانی خوێندکاران و جەماوەری شاری هەولێر ساڵی ١٩٨٢



**ئەحمەد حەمەدئەمین**

ساڵی ١٩٨٢ لە سۆنگەی یادکردنەوەی تۆپباران کردنی شاری قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، خەڵکی دەڤەرەکە هەڵسان بە ئەنجامدانی مەراسیمێکی یادکردنەوە، کە دواجار سەری بۆ پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ڕژێمی عێراق و خەڵکی ناوچەکە کێشاو ڕاپەڕینی لێکەوتەوە. بەم هۆیەوە خۆپێشاندان و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە.

شاری هەولێریش وەك هەر یەك لە شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو بەرووی دامودەزگاکانی حکومەت وەستانەوە، ئەوەشی زیاتر ڕۆڵی کاریگەری لە ڕووداوەکاندا بینی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین بوون کە تازە زانکۆکەیان لە سلێمانییەوە گوێزرابوویەوە بۆ هەولێر.

سەرەتای هەنگاوەکان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ٢ی مایسی ١٩٨٢ لە کۆلێژی ئەندازەو پەیمانگای تەکنەلۆژیی دەستی پێکردو بە دەم گوتنەوەی دورشمی **"بروخێ بروخێ ڕژێمی فاشی بروخێ"** بە شەقامدا هاتنە خوارەوە تا گەیشتن بە ڕاستی گەرەکی مەنتکاوە، ئەنجام هەر چەندە هێزەکانی حکومەت بە تەقەکردن وەڵامی خۆپێشاندەرانی دایەوە، بەڵام تا دەهات خەڵکی زیاتر بە دەورەی خۆپێشاندەران کۆدەبوونەوە، تا ئەوەی توانیان کونترۆڵی شەقامی هەولێر– کەرکوك بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی خۆپێشاندەران زیاتر لە بەردەم کۆلێژی زانست و پەروەردە کۆبوونەوە، لە ئەنجامدا پەلاماری پرسگەی کۆلێژی زانست دراو وێنەی **"سەدام حوسێن"** درێندرا. لە پاشان خۆپێشاندەران ڕوویان کردە سەنتەری شار، لێرەشدا حکومەت و دامودەزگاکانی لە ترسی ئەوەی نەبادە خۆپێشاندانەکە ببێتە خۆپێشاندانێکی جەماوەری، ناچار بە ناقیلەو قوات خاسەو ئاسایش و هەواڵگری و پۆلیس کەوتنە گیانی خۆپێشاندەران و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ بریندارو ژمارەیەکیشیان لێ زیندانی کردن. بەڵام ئەو هەنگاوەی حکومەت نەبووە هۆکاری ئەوەی بتوانێت بە تەواوەتی کۆتایی بە خۆپێشاندان لە شارەکە بهێنێت، ئەگەر بزانین ئەم ڕۆژە تا ئێوارە بەردەوامی هەبووە.

لە ڕۆژی دواتر واتە لە ٣ی مایس ١٩٨٢ خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین، ئەمجارەیان لە بەردەم کۆلێژی کارگێری و

ئابووری بە ئامادەبوونی گشت خوێندکارانی کۆلێژەکان، خوێندکارانی ئامادەیی کوردستان، ئامادەیی موزەفەرییەو خەڵکی شاری هەولێر لە کاسبکار، ڕۆشنبیر، فەرمانبەرو مامۆستایان، ژنو پیرو منداڵ دەستیان پێکردەوە، بەمەش بازاڕو دوکانەکان داخرانو، خاوەنەکانیان کەوتنە تەك خۆپێشاندەران، ئەنجام شەپوڵی بەشداربووانیانی خۆپێشاندانەکە شەقامی سەرەکی سێتاقان، سەیداوە، خانەقا، بەری یانەی فەرمانبەرانو کۆچەو کۆڵانەکانی تەنی، بەمەش تا دەهات خەڵکی زیاتری لە دەوری کۆدەبوویەوە. بۆیە جارێکی دیکە هێزەکانی حکومەت کەوتنەوەی گیانی خۆپێشاندەرانو، بەشداربوانیان ناچار بەوە کرد لە کۆچەو کۆڵانەکانی شاردا پەرتەوازە بکەن.

شیاوی باسە، هەر چەندە لە دوو ڕۆژی یەکەمدا هێزەکانی حکومەت هەنگاوی زۆر توندیان گرتەبەر، بەڵام نەبووە هۆکاری ئەوەی کۆتایی بە ڕووداوەکان لە شارەکەدا بێنێت، بۆیە لە ڕۆژی دواتردا ڕووداوەکانی بەردەوامی دەبێت.

لە ٤ی مایس ئەمجارەیان خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی، ناوەندی کۆماری، ناوەندی برایەتیو زۆربەی زۆری خوێندنگاکان لەگەڵ خەڵکی شارەکە بە دروشمی **"حزبی سولتە فاشیە – سەدام حوسێن نازییە"**، **"خەبات دەکەین خەبات دەکەین – کوردستانمان ڕزگار دەکەین"** دەستیان پێی کردۆتەوەو ڕووەو سەنتەری شار هەنگاویان نا، لەم ڕۆژەشدا دوکاندارەکان دوکانەکانیان داخستنەوەو کەوتنەوە ڕیزی خۆپێشاندەران. هەر چەندە هێزەکانی حکومەت ئەم ڕۆژەش لە تەقەکردنو ڕاوەدوونان بەردەوام بوون، بەڵام وەك هەڵوێستێکی جوامێرانە خەڵکی شار دەرگای ماڵەکانیان کردبووە سەر پشت بۆ ئەوەی هەڵاتووەکان خۆیان ڕزگار بکەنو نەکەونە داوی هێزەکانی ڕژێمەوە.

ڕۆژانی ٥– ٨ ی مایسی ١٩٨٢ خۆپێشاندان لە هەولێر بەردەوامی دەبێت. لەم ڕۆژانەدا بەردەوام بەردەمی شەقامی باتا، گۆڕەپانی کوتری سەلام، بەردەکی سەرا خەڵکی تێدا گردبوونەتەوە، جگە لەوەش خەڵکی گەرەکەکانی سێتاقان، سەیداوە، کوران، شۆڕش، بەستەپیازە، بەلاشاوە، ڕووناکی، خانووی زراعییەکان، باداوە، ئۆردۆگای پیرزین،و هەنجیرۆك لە ناوچەکانی خۆیان کەوتونەتە خۆپێشاندان. ئەنجام دەزگای حکومییەکان بە گشتی ڕووبەڕووی ترسو دڵەڕاوکێ زۆر هاتوونەتەوە، بۆیە ناچار داوایان کرد هێزێکی پشتیوانیان لە مووسڵەوە کردووە، هەروەها **"یەحیا جاف"** بەرپرسی دەزگای ئاسایشی هەولێریش داوای لە خۆپێشاندەران کرد کە داواکارییەکانیان ڕابگەیەنن. کە لە وەڵامدا بە دەنگێکی بوێرانەو ئازایانە وەڵامیاندایەوە **"داوامان ڕووخانی ڕژێمی فاشی بەغدا"**!.

زیاد بوونی ترسو دڵەڕاوێکی دامودەزگاکانی ڕژێمو گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر لە مووسڵ، وای کرد ئەمجارەیان زیاتر لە جارانی پێشوو بە بێ بە زەییانە بکەونە گیانی خۆپێشاندەران، بەمەش توانیان زیاتر لە ١٥٠ کەس بریندار بکەن، هەروەها ژمارەیەکیش لە خۆپێشاندەران بکوژن کە بریتی بوون لە ئازاد مەحموود خوێندکاری ئامادەییو خەڵکی هەولێر، سەفا سەدیق خوێندکاری کۆلێژی زانستو خەڵکی کەرکوك، کەژاڵ سلێمان خوێندکاری کۆلێژی ئەندازەو خەڵکی هەولێر، مستەفا خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیو خەڵکی کەرکوك، کامەران ناهی عەلی خوێندکاری ئامادەییو خەڵکی هەولێرو فارس چاوشین خەڵکی هەولێر. ئەنجام خۆپێشاندانەکە بەم شێوەیە سەرکوت کرا. لە کۆتایشدا لە دوای سەرکوت کردنو کبوونەوەی خۆپێشاندەران، سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بە فەرمانی زانکۆی ژمارە ٧/ ١١/ ١٧٢٠٤ی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ بڕیاری گواستنەوەی بۆ زیاتر لە ١٨٦ خوێندکارو ٢٧ مامۆستای زانکۆ دەرکرد.

سەرچاوەکان:

١– ڕاپەرینی شارەکانی کوردستان، (چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٢).

٢– زانکۆی سەلاحەدین، فەرمانی زانکۆی ژمارە ١٧٢٠٤/١١/٧، لە ١٩٨٢/١٠/٧.